هەولێر.. لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆیی پێکهێنرا

یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی یەکلایکردنەوە و چارەسەری کێشەکانی زەوی و زاری کشتوکاڵی و شارەوانی ئەنجامدرا.

پارێزگای هەولێر بڕاوی کردەوە کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی و نەهێشانی زێدەڕۆیی و سەرپێچی لە سەر موڵکی حکوومی، لیژنەی یەکلاییکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی زەوی و زاری کشتوکاڵی و شارەوانی، کە بە بڕیاری سەرکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و بە سەرکایەتی وەزیری شارەوانی پێکهێنراوە، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا، تیشك خرایە سەر بڕیاری سەرکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ڕاسپاردنی لیژنە بە دەزینەوەی میکانیزمی گونجاو و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری موڵکی گشتیی و پڕلێنکردنی زەویەکانی شارەوانی و کشتوکاڵی و نیشانکردنی حەرەمی گوند لە سنووری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هەروەها دووپات لە ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی و سەرپێچیەکان بە سەر موڵکی گشتیی و هەموو ئەو کەس و لایەنانەش کرایەوە کە

دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر ئەرز و موڵکی میری.

لە تەوەرێکی تری کێبوونەوەکەدا، بێیار درا بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ لیژنەی باڵا لە سەر ئاستی پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سێران دوو لیژنەی تر پێکبهێنرێت و بەوردی بەدواداچوون بە پرسەکە بکات و لە کێبوونەوەی داهاتوو ڕاپۆرتی خێیان لەوبارەیەوە بخەنە ڕوو.